هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالّی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٠٤

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/١٢/٩ ل ٥٣٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٥/١/١٥ ل ٥٥٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٥/١/١٦ ل ٥٨٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٥/٤/٧ ل ٥٩٠

کوردستانیەکان لەوێ دەکرێت، بەڵام پێم باشە پەرلەمان لەو بارەیەوە هەڵوێستێکی هەبێ، ئێمە شتێك دەنووسین لەگەڵ بەڕێز کاك د. ناصح بەناوی هەردوو فراکسیۆن، بەڵام پێم باشە ئێمە سەرۆکایەتی فراکسیۆن تەخویل بکەین بۆ ئەوەی نیدائێك دەربکات بەو بۆنەیەوە، ببورن سەرۆکایەتی پەرلەمان نیدائێك دەربکات بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراق و هەموو نێوەندە نێو نەتەوەییەکان، ئیجرائات هەرچی بکرێت، بەڵام هەڵوێستی پەرلەمان لە جێی خۆیەتی، بۆیە پێویستە لەو بوارەوە هەوڵ بدات. خاڵی تر: ئێمە بەرەو ئینتیخابات دەڕۆین، بەڕێز کاك فرست شتێکی ناردووە بۆ ئێمە چونکە پەیوەندی بە یاسای هەڵبژاردنەوە هەیە، بەڵام ئەگەر یاساکە ئێستاکە کە ناگۆڕن کە بەهەمووی دوو هەفتە ماوە، ئەی کەی یاسا دەگۆڕدرێ و کەی خۆ ئامادەکردن دەکرێ؟ پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا لە ڕێکخراوە سیاسیەکان بکات یان حزبە سیاسیەکان کە بەشدارن لە پەرلەمان و ئەوەی دەرەوەی پەرلەمان بۆچوونی خۆیان بدەن لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە بۆ ئەوەی یاساکە لێرە بە ڕەسمی بگۆڕدرێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك سعدی، بۆ خاڵی یەکەم، ئەمجارە تازەبابەت ئەخەینە سەر بەرنامەکەمان، بەڵام بە پێی ئەو پەیڕەوەی کە لەبەردەستماندایە لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە ئەتوانن پێشنیازی تازە بابەت بکەن و دیاریشی بکەن لەبارەی چییەوەیە، بەڵام بیست وچوار سەعات پێش کۆبوونەوەکە، بەڵام ئەمڕۆ قەیناکە لەبەر خاتری ڕەمەزان وا ئەکەین کە هەر ئەمڕۆ باس بکرێ، بەڵام هەر بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، بۆ کۆبوونەوەکانی تر پێویستە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بکرێ، بەنیسبەت ئەو خاڵانەی دووەم و سێیەم وابزانم هەردووکی پەیوەندی بە ئاسایش و ئەمن و نیزامی هەرێمەوە هەیە، ئەتوانین هەردووکی وەکو یەك خاڵ باس بکەین، یان بە دوو خاڵی ئەزانن ئێوە؟ بەڵی خاڵێکیان دەربارەی ئەو بوو، خاڵێکیشیان دەربارەی وتت هەردوو فراکسیۆن ئەینووسن و پێشکەشی پەرلەمانی ئەکەن، فەرموون ئەوەش ئەتوانن لەدوای کۆبوونەوەکە بیکەن، بەنیسبەت هەڵبژاردنەوە ئێمە خۆمان ئامادە کردووە و خراوەتە بەردەمی لایەنە سیاسیەکان، ئەتوانین وا بکەین لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئەو مەسەلەیە ببڕێنینەوە، چونکە پێویستە کەوا سەرکردایەتی سیاسیش لەو بارەیەوە بیروڕای خۆی هەبێ، باشە ئێستا با بفەرموون کاك شێروان ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکەن.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئێمە ئەو دوو پرۆژە یاسایەی کە هاتوون، لیژنەی یاسا لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار بەو یاسایە لەگەڵ هەردوو سەندیکای دەرمانسازی و پزیشکی ددان بەیەکەوە هەرسێ لیژنە دانیشتین ئەو پرۆژەیەمان هەموار کرد و پێشکەشی جەنابتانی دەکەین و بۆ ئاگاداریتان.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم الاصدار:**

**تاريخ الاصدار:**

أستناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناء على ماعرضه وزير الصحة و الشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة( ) و المنعقدة بتاريخ \ \٢٠٠٤ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الاتي:-

**قانون رقم( ) لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الثاني لقانون نقابة الصيادلة رقم ٨ لسنة ١٩٩٩**

**المادة الاولى:**

يعدل تعريف (الصيدلاني) الوارد في المادة الاولى من القانون و يقرأ كالآتي: -

الصيدلاني: كل عضو في النقابة حاصل على شهادة بكالوريوس في الصيدلة من احدى جامعات العراق أو أية جامعة معترف بها من قبل مجلس التعليم العالى و البحث العلمي في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو با لیژنەی تەندروستی رای خۆی بلّێ لەم بارەیەوە.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە هەژدەی شەش تەبیعی یەك دوو پرۆژەمان بۆ هات، پرۆژەیەكی وەزارەتی كاروباری كۆمەلاّیەتی هەرێمی كوردستان، ئەوەمان كۆتایی پێ هێنا، دووەم پرۆژەی یاسای دووەم هەمواركردنی یاسای سەندیكای دەرمانسازی بوو، ئێمە لەسەر ئەمە چەند خالّێكمان هەیە، ماددەی شەش لە برگە پێنج بە پێویستی نازانین، ئەم برگەیە هەلّبگیرێ، بەلّێ ئێمە هەمانە (او مایعادلها) ئەوەی لەگەلّدا بێت باشە، (كل عضو في النقابة حاصل على شهادة بكالوريوس في الصيدلة او مايعادلها) تەقریبەن ئەمە لە هەموو نەقابەكان هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(او مایعادلها) لە ماددەكانی تردا هاتووە، بە تەصەوری ئێمە پێویست ناكات لێرە هەبێت، بەلاّم لێرە دەمەوێ تەوزیحێك بدەم، ئەوەی لەو تەعدیلە ئیزافە كراوە تەنها (جامعات العراق) ئیزافە كراوە لەگەلّ (شهادة بكالوريوس)، لەوێ دەلّێ (لاتقل عن شهادة بكالوريوس) لێرە شەهادەی بەكالوریوسی تەسبیت كردووە، چونكە كە دەلّێ (لاتقل عن شهاده بكالوريوس) دیارە ئەو نەصە، یاخود ئەو وشەیە ئیستیغلال كراوە، لەبەر ئەوە لێرە لە بۆ خۆیان ئەوەیان تەسبیت كردووە، دەلّێ (حاصل على شهادة البكالوريوس في الصيدلة)، مەسەلەی (او مایعادلها) لە ماددەكانی تردا هاتووە، كە دێینە سەری تەوزیح دەدەین، لەگەلّ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە كێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە با بفەرمێ؟ ئەو ناوانەی كە نووسراون: بەڕێزان كاكەرەش، برهان جاف، مەلا شاخی، عمری سید علی، فەرموو كاكەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاشی تەشکیلی وەزارەت ودانانی وەزارەتی تەعلیم عالی واتەصور دەکەم مەجلیسی تەعلیم عالی نەما، چونکە ئێمە وەزارەتمان دانا، ئەو کاتەی کە مەجلیسی تەعلیم عالی هەبوو لە قانونەکە هاتبوو، وەزارەت نەبوو بە ناوی وەزارەتی تەعلیم عالی، ئێستا ئێمە قانونمان داناو قانونی وەزارەتی تەعلیم عالی یە، لەبەر ئەوەی مەجلیسی تەعلیمی عالی نەماوە وەکو پێویست، لەبەر ئەوەی لەویٚ تەعدیل ناکریٚ، بەڵکو مەفروزە لە وەزارەتی تەعلیمی عالی موعادەلە دەکریٚ، لەهەموو دونیا وەختی خۆی لە وەزارەتی تەربیە لە جیهەی تەعلیم عالی شوعبەی تەعدیلی شەهادات هەبوو، یان قسمی تەعدیلی موعادەلەی شەهادات هەبوو لەویٚ دەکرا، بەڵام وا تەصور دەکەم نەما، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بورهان جاف.

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس ئەو قسەی من کاکەرەش کردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسەی کە لە یەکیٚ لە جامعاتەکانی دەرەوە بڵێین ئەوروپا یان هەر شوێنێك، شەهادەیەك دەهێنیٚ، ئەگەر هاتوو جامعاتی عێراقی ئیعترافی پێکرد، کە بزانین ئیعتیرافی پیٚ ئەکات یان نا، ئەگەر پێی نەکرد ئەوە لەویٚ بێت، ئەگەر ئیزافەیەك هەبیٚ شتێك هەبیٚ لێرە، چونکە کە دەڵیٚ (كل عضو في النقابة حاصل على شهادة بكالوريوس في الصيدلة من احدى جامعات العراق او أية جامعة معترف بها من قبل مجلس التعليم العالي و البحث العلمي في الاقليم) ئەی ئەگەر باشە لای ئێمە نەبوو لە بەغدا ئیعترافیان پێکرد، ئێوە یەکسەر ئیعتیرافی پیٚ ئەکەن، یەکیٚ لە ئەوروپای شەرقی یان لە وڵاتێکی تر ئیعتیرافی پیٚ ئەکەن؟ پرسیارەکە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك عمر، فەرموو کاك مەلا شاخی.

**بەڕێز ابو بکر محمد حاجی(مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(كل عضو في النقابة حاصل على شهادة بكالوريوس في الصيدلة من احدى جامعات العراق) من نازانم لە جامعەکانی کوردستانیش وابزانم لە جامیعەی صەلاحەدین کۆلیژی صەیدەلە هەیە، هەق بوو بگوترابایە (جامعة صلاح الدين) یان (جامعة كوردستان) ئینجا عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك مەلا شاخی، فەرموو وەڵامی ئەو سەرنج و تێبینیانە بدەنەوە.

**بەڕێز حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی مولاحەزەکەی کاکەرەش (من قبل مجلس التعليم العالي و البحث العلمي) پێم وایە شتێك لە مەوزوعەکە ناگۆڕێ ئەگەر وەکو تەحصیل حاصلێك بێت، یانی ئەگەر بشمێنێ هەر وایە، بەنسبەت ئەگەر شەهاداتی خارجی هێنا لە عێراق ئیعتیرافیان پێکرد، ئێمە لە کوردستان ئیعتیرافی پێ ئەکەین یان پێی ناکەین، ئێمە دەڵێن (أية جامعة معترف بها) جامعەی عەرەبی موعتەرەفە، شەرت نییە تەنها جامعەی خارجی بێت، جامعەی عێراقیش یەك لەو جامیعانەیە کە ئیعتیرافی پێ دەکرێتن، بۆ قسەکەی مەلا شاخی کە (احدى جامعات العراق او أية جامعة معترف بها) هەر عەینی شت دەکات، یانی وابزانم شتێك لە مەوزوعەکە ناگۆڕێ، کە دەڵێین عێراق کوردستانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچی تر ماوە وەڵامی بدەنەوە؟ فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من لە تێبینی یەکەی کاك عمر تێگەیشتم، ئەوەیە صەیدەلانی کە یەکێك لە وڵاتانی ئەوروپا خوێندنی تەواو کردووە، نەهاتووتە کوردستان، چووەتە عێراق لەوێ ئیش دەکات ئێستا، لەوێ ئیعتیرافی پێکراوە، ئایا لێرە پێویست دەکات جارێکی تر ئیعتیرافی پێ بکرێ و شەهادەکەی تەعدیل بکرێتەوە مەبەستی ئەو خاڵە بوو، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەوەی کاکەرەش باسی کرد حەقە چونکە ئێمە قەرارمان دا، پێش ئەوەی قەرارەکە دەربکەین شتێکی ترە، بەڵام تازە قەرار دەرچووە و بە پێی یاسا وەزارەتێکی تەعلیم عالی دروست کراوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو نەصە بگۆڕدرێ، چونکە ئێستا لە دوای بڕیارەکەی پێشوومان دەردەچێت، مانای وایە ئەو خاڵە بگۆڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ لەو بارەیەوە هیچ قسەی تر هەیە؟ فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ ئیعازێکمان بۆ نەهات کە تەعلیم عالی لەغو بووە یان نا، و ناشزانین کە ئێستا لەغو دەبێت یان نا، هەندێ صەلاحیاتی دەمێنێ یان نامێنێ، بەڵام هەر لەو یاسایە ناوی نەهاتووە، لە زۆربەی زۆری یاساکان (مجلس التعليم العالي و البحث العلمي) ناوی هاتووە، لەبەر هەندێ لەوێندەرێ چۆن تەعامولی لەگەڵ دەکەن، لێرەش بەو شێوەیە تەعامولی لەگەڵ دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. ناصح فەرموو قسەت هەیە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشووتر چۆن هاتووە ئەوە شتێکی زۆر زۆر تەبیعی یە، بەڵام ئێستا وەزارەت دامەزراوە، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو نەصە بگۆڕدرێ، فەرقی زۆرە پێشووتر تازە وەزارەت شوێنی ئەو مەجلیسە دەگرێتەوە، بەڵام هەر لە ئەساسدا ئەو وەزارەتەش کە دامەزرا جێی مەجلیسەکە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوەی برادەران گوتیان ئەصڵەن مەوزوعەکە وارد نییە، ئینسان ئیعتیراف بە جامیعە ناکات، خۆ ئێمە ئیعلانی ناکەین فلان جامیعە موعتەرەفە یان موعتەرەف نییە، کابرا کە شەهادە وەردەگری، شەهادەکەی دەداتە لیژنەی تەقییمی شەهادات و لیژنەی تەقییمی شەهادات شەهادەکەی تەقییم دەکات موقابیلی ئەوەیە، قابیلە ئیعلانی بکەین و بڵێین فلان جامیعە موعتەرەفە یان نا، خۆ بنووسین یەکسەر (بکالوریوس في الصیدلة او شهادة اخری ما یعادلها او ) نابێ بڵێین موعتەرەف بیها، شەهادەکە خۆی موعتەرەف بێت نەوەك جامیعەکە موعتەرەف بێت، لەوانەیە کابرا جامیعەکەی موعتەرەفە و شەهادەکەی بکالوریوس نییە، ئەوە نابێ، دەبێ شەهادەکە بەکالوریوس بێت و لەوانەیە ئەوەی کاك عومەر فەرمووی لە دوەلی شەرقی شەهادەی وەردەگرن لە صەیدەلیە ئەصڵەن ناوی بەکالوریوس نییە ناوێکی تری هەیە، بەڵام ئەگەر بێتو تەقییمی بکەیت موعادیلی بەکالوریوسە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڵێین (شهادة في کلیة الصیدلة او ما یعادلها) مایوعادیلوها ئیعتیراف دەکات پێی ناوێ (من قبل التعلیم العالی) مەعلومە ئەو جیهەتەی کە لێرە چ جیهەتێکە (مایعادلها) ئەو جیهەتە ئەو کاتە دیار دەکەوێ بۆ بڵێن (تعلیم عالی) دوایی تەعدیلی ئەو قانونە بکەین، چونکە ئەگەر مەجلیسی تەعلیم عالی نەما دەبێ تۆ تەعدیلی ئەو قانونەش بکەی (شهادة بکالوریوس في الصیدلة او مایعادلها) مانای وایە جیهەتەکە مەعلومە لە داخیلی عێراقە، لەکوردستانە، لە هەر کوێیە، مخولە و موقەرەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو مەسەلەیە روونە، چونکە لە هەموو جامیعەیەکدا، لە هەموو وەزارەتێك کۆمیتەیەکی تایبەتی هەیە بۆ هەموار کردنی ئەو بەڵگە نامانەی کەوا پێیانە، کە لە وێ بڕیاری لەسەر درا بە ئا یان بە نەخێر، ئەوە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بڕیارە بەو شێوەیە جێ بەجێ بکرێ، بەڵام شتێکی تر هەیە لێرە باسی صەیدەلیەکانی ناو کۆڵان نەکراوە، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم (مجلس التعلیم العالي و البحث العلمي )نەمێنێ ببێتە (الجهات المختصة في الاقلیم) واتە (من قبل الجهات المختصة في الاقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مەجلیس تەعلیم عالی و بەحسی عیلمی، ئەگەر پێتان باشە دەیکەینە (وزارة التعليم العالي والبحث العلمي) هیچ موشکیلە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە پێشنیارێك هەیە لەلایەن کاك فرسەتەوە ئەڵێ بڵێن (الجهة المختصة) ئەوەش هەر ئەبێت، ئیتر پێویست بە ناو هێنان ناکات لە پاشان مەعلوم دەبێ ئەو جیهەتە کێیە، فەرموو کاك شێروان بەو شێوەی دواییەی کە نووسراوە پێشکەشی بکە، فەرموو کاك احمد.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە جیهەتەکە تەحدید بکرێ، یان وەزارەتی تەعلیمی عالی، یان مەجلیسی تەعلیمی عالی، یانی گۆڕانکاری ناوێ ئەی وەزارەتی تەعلیم عالی بۆچی دانراوە، یانی پێم سەیرە مەوزوعەکە لەسەری ڕێك ناکەوین، بۆ ڕێك نەکەوین؟ مەسەلەکە زۆر ئاشکرایە وەزارەتی تەعلیمی عالی، یەك لە ئیشە گرنگەکانی وەزارەتی تەعلیمی عالی ئەوەیە موافەقەت لەسەر تەعدیلی شەهادات بکات، نازانم جیهەی موختەصەی بۆ چییە و مەجلسی تەعلیم عالی بۆچییە، پێم سەیرە نازانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جیهەی موختەصە مەعلومە، کاك مەلا شاخی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر محمد حاجی(مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو پرۆژەمان لەبەر دەستدایە، ئەمڕۆ هەردووکی دەخەینە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، لەپرۆژەی دووەمدا هەمان مەسەلە هەیە دەربارەی تەبیبی ئەسنان، عەینی دەڵێ (معترف بها من قبل وزارة التعليم العالي) یانی هەردووك لە لیژنەی یاساییەوە دەرچووە، بۆ لەوێ دەڵێ وەزارەتی تەعلیم عالی، بۆ لەوێدا دەڵێ مەجلیسی تەعلیمی عالی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە چیمان بڕیار دا لەوێش وای لێ دەکەین، فەرموو سید حسن.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الاولى:**

يعدل تعريف (الصيدلاني) الوارد في المادة الاولى من القانون و يقرأ كالآتي: -

الصيدلاني: كل عضو في النقابة حاصل على شهادة بكالوريوس في الصيدلة او ما يعادلها من احدى جامعات العراق أو أية جامعة معترف بها من الجهة المختصة لتعديل الشهادات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو شێوەی کە پێشکەش کرا کێ لەگەڵە دەست بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز سید حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

المادة الثانية:

تعدل الفقره رابعاً من الماده الياليه من القانون و تقرأ كالآتی: -

رابعاً: الـتعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات الاخرى التي تتفق اهدافها مع اهداف النقابة داخل و خارج الاقليم وفق القوانين المرعية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفيق امين محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو ماددەیە تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی تەندروستی هیچ تێبینی نییە، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز سيد حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئـێمە لەگـەڵ دارشـتنی ماددەكەیـنە، گۆڕانمـان تـێكردووە لـەو كاتەی كە لەگەڵ لیژنەی پەیوەندار دانیشتینـە، بۆیە لەگەڵ نەصەكەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم كاك فرست هەندێك تێبینی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن داوا دەكـەم ئـەو فەقەرەیـە لـەغو بكرێـت، چـونكە ئەگـەر بێـتو لەگـەڵ ئـەو جـیهاتانە هاوكـاری بكـات و نەصـەكی قانونی مەنعی نەكات، یان نەصەكی قانونی مەوجود بێت، وەك هاتووە (وفق القوانين المرعية) خۆ كەس مەنعی ناكات، بەرای من شتێكی زیادە و تەحصیل حاصلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێت، لیژنەی قانونی و هەروەها پزیشكی ئەڵێن چی هەمووی لاببەین یان قسەی لەسەر بكەین، فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز سيدحسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئـێمە لەگەڵ ئـەو نەصـەین كـە بمـێنێ، لەبـەر ئەوەی تاكو تەشجیعی ئەو سەندیكایە بكەین كە ئەم تەعاونـە بكات لەگەڵ موئەسەسات و جەمعیات و نیقابات، بۆیە مانەوەی پێمان باشترە لە نەمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەسـی تـر هەیـە لـەو بارەیـەوە قسـەی هـەبێ؟ فـەرموو كاك د. رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤرۆ لە هەرێمی مە سێ رێکخراو هەنە، جەمعیات و نیقابە و یەکێتی (اتحاد)، ئەگەر جەمعیە بمێنێ با ئیتیحادیش ئیزافە بکرێ، چونکە یەك شت لەناڤ هەمیان موشترەکە وئەویش (الدفاع عن النظام الفدرالي و تعزیزها و ترسیخها)، لەبەر ئەوە ئیتیحادیش ئیزافە بکرێ و یان نیقابە کافییە، واتە (المؤسسات و النقابات الاخری لتتفق اهدافها مع اهداف الجمیعة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەئیم لەگەڵ رای کاك فرسەتە، بەراستی ئەوە تەعاونە تەعاونێکە دەتوانێ بیکا و دەتوانێ نەیکات، یانی دەتوانین ئەو حوریەتەی بدەینێ، یانی لێرە دەڵێ وفق القوانین المرعیە یانی ئیجباری نەکردووە تەعاون بکات لەگەڵ هەیئات و موئەسەسات و جەمعیات و نەقابات، یانی خۆی دەتوانێ تەعاون بکات و تەعاون نەکات، بەرای من ئەو فەقەرەیە زیادە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا بیروڕاتان چییە لەو بارەیەوە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەصوری ئێمە ئەوە نەصێکی زۆر زۆر تەبیعی یە و لە زۆربەی زۆری نەقابەکاندا هاتووە و تەعاون لەگەڵ هەیئات و موئەسەسات و ئەو نەقابانەی کە ئەهدافیان نزیکە، ئەوە لە زمنی مەرجەکانی ئەهداف هاتووە و جیاوازی نێوان نەصی ئەصڵی کە ئێمە لەو پەرلەمانە ئیقرارمان کردووە و لەگەڵ نەصی ئێستا تەنها ئەوەندەیە خارجی ئیقلیمیان ئیزافە کردووە، یانی ئەو تەعاونە هەم داخلی ئیقلیم و ئەوەی کە لە تەعدیلەکە هاتووە لە بۆ خارجی ئیقلیمیشە و پێمان باشە مادام خارجی ئیقلیمیشی تێدایە ئەو نەصەی تێدا بمێنێتەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستاکە بەو شێوەیەی کە پێشکەش کرا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، فەرموو بەردەوام بن ئێوە.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

المادة الثالثة:

٢- تعدل الفقره (ثالثاً) من الماده الرابعه من القانون و تقرأ كالاتي: -

ثالثاً : حاصلاً على شهادة بكالوريوس في الصيدلة او مايعادلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز شفيق امين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ (او مايعادلها) ین ئەوەی کە تازە خوێندیەوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە؟ فەرموو کاك د. عزالدين.

**بەڕێز د.عزالدين مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (حاصل على شهادة بكالوريوس في الصيدلة او مايعادلها) وابزانم ئیشکالێکی تێدایە، چونکە هەموو بەکالۆریۆسێك دەبێت بە موعادلی صەیدەلە، کەواتە هەر صەیدەلەکە خۆی بمێنێتەوە، (او مايعادلها) یانی هەر یەکێ بەکالوریوسی تری هەبێ موعادلی بەکالوریوسە، ئینجا عەرزی کاك سید حەسەنی بکەم تەعادولە تەعدیل نییە، کە لە ماددەی پێشوو خوێندتەوە، تەعادول لەگەڵ تەعدیل فەرقی هەیە، ئینجا هەر وا وەك (صیدلە) بمێنێتەوە، تەبعەن کە تەعادول کرا بە صەیدەلە ئەکرێ، چونکە جاران صەیدەلە هەبوو کیمیاوی هەبوو، دوایی صەیدەلی کیمیاوی هەبوو، کیمیاویەکە حەقی نەبوو صەیدەلە بکاتەوە، لەبەر ئەوە (او مايعادلها) لێرە زیادە، چونکە کە تەعادولیان بۆ کرا موعادلە بە بەکالوریوسی صەیدەلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك دکتۆر، لێرە نووسراوە (حاصل على شهادة بكالوريوس في الصيدلة او مايعادلها) یانی او (مايعادل شهادة بكالوريوس في كلية الصيدلة)، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئیشکالە من پێم وایە بەو شێوەیە چارەسەر دەکرێ (حاصلا على شهادة بكالوريوس او مايعادلها في الصيدلة) بیخەینە پێش هیچ ئیشکال نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی تر قسەی هەیە؟ ئەگەر نییە وەکو خوێندرایەوە پێشکەش کرا، یان بخوێنرێتەوە جارێکی تر.

**بەڕێز سید حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الثالثة:**

٣- تعدل الفقره (ثالثآ) من الماده الرابعه من القانون و تقرأ كالاتی: -

ثالثاً : حاصلاً على شهادة بكالوريوس في الصيدلة او مايعادلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پێشکەش کرا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو ماددەی چوار بخوێنەوە.

**بەڕێز سید حسن عبدالكريم بەرزنجی:**

**المادة الرابعة:**

تعدل الفقرة (٥) من المادة الثامنة من القانون و تقرأ كالاتي: -

٥- يجوز للصيدلاني المتعين على ملاك الجامعة فتح صيدلية أو مذخر و ذلك بعد مرور ثلاث سنوات على خدمته الفعلية في الجامعة و يحق له خلال تلك المدة أن يتسلم فقط مسؤولية الصيدلية أو المذخر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین و ئەوەی کە ئیزافە کراوە لەو ماددەیە تەنها وشەی (مذخر)ە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو بارە کێی تر قسەی هەیە، فەرموو مامۆستا حسین.

**بەڕێز حسین جنبلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بشێ وای لێ بکرێت (یجوز للصیدلانی ان یتعین علی میلاك الجامعة فتح صیدلیة او مذخرجامعة فی مجال اختصاصه) ئەگەر وابێت باشترە، ئەوە ئیزافە بکرێ (فی مجال اختصاصه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە، فەرموو کاك د.جلال شفیق.

**بەڕێز د. جلال شفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت کردنەوەی ئەجیزەخانەوە وابزانم خۆی دوای دەوام دەکرێتەوە، بەڵام مەدخەر لە بەیانیانیشەوە ئەکرێتەوە، مانای وایە لەو حاڵەتە مەجال دەدرێ ئەگەر یەکێك لە زانکۆ بێت و لەهەمان کاتیشدا بەیانیانیش دەتوانێ بچێتە مەدخەر ئیش بکات، بەرای من ئەگەر مەدخەرەکە نەمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یجوز للصیدلانی المتعین علی میلاك الجامعة فتح صیدلیة او مذخر) ئەگەر هاتو لە کاتێکدا کە صەیدەلی کردەوە حەقی ئەوەی نییە کە مەزخەر بکاتەوە، ئەگەر هاتو مەدخەر بکاتەوە حەقی نییە کە صیدەلە بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ تکایە ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بکەن لە پێشدا با مایکرۆفۆنەکە دابگیرسێنن، گلۆپی سوور لێرە یانی بەردەوام بە لە هەموو جێگایەك یانی بوەستە، چونکە جاری پێشوو بەشی زۆری مەحزەری کۆبوونەوەکان تەسجیل نەبوو بوو و لەبەر ئەوەی هەندێك کەس کە قسەیان کردبوو لەبیریان چووبوو میکرۆفۆنەکە دابگیرسێنن، فەرموو کاك سید.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الرابعة:**

تعدل الفقرة (٥) من المادة الثامنة من القانون و تقرأ كالاتي: -

٥- يجوز للصيدلاني المتعين على ملاك الجامعة فتح صيدلية أو مذخر و ذلك بعد مرور ثلاث سنوات على خدمته الفعلية في الجامعة و يحق له خلال تلك المدة أن يتسلم فقط مسؤولية الصيدلية أو المذخر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی دارایی لەو بارەیەوە هیچ سەرنج و تێبینی هەیە، فەرموو کاك جمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم ماددەیە نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الخامسة :**

تلغى المادة التاسعة من القانون و يحل محلها مايلي:

المادة التاسعة:

أولاً: يحق للصيدلاني الذي اكمل مدة التدرج الطبي فتح صيدلية أهلية أو مذخر بعد اوقات الدوام الرسمي.

ثانياً: يحق للصيدلاني الذي اكمل مدة التدريب فتح صيدلية أهلية أو مذخر في الاقضية و النواحي التي يعمل فيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین، لەگەڵ هەردوو فەقەرەکە داین، تێبینیمان نییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین و لێرەش تەنها وشەی (مذخر) ئیزافە کراوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ نەصی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

المادة السادسة:

تلغى المادة الحادية عشرة من القانون و يحل محلها مايلي: –

المادة الحادية عشرة:

يمنح الصيدلاني اجازة فتح الصيدلية عند توفر الشروط التالية:–

١ – عنوان الصيدلية

٢– عقد ايجار مصدق من ضريبة العقار

٣– الاسم التجاري المؤيد من قبل غرفة التجارة

٤– ان لاتقل مساحتها عن (٢٠) عشرين متراً مربعاً وواجهتها عن(٢\٥) مترين و نصف.

٥– أن تبعد عن اقرب صيدلية مسافة لاتقل عن(٣٠) ثلاثين متراً من جميع الجهات.

٦–موافقة الدائرة التي يعمل فيها الصيدلي اذا كان موظفاً.

٧– في حالة الهدم أو الحريق يجوز انتقال الصيدلية بنفس الاجازة الى مكان آخر في نفس المنطقة وفقاً للشروط عدا شرط المسافة لحين عودتها الى محلها الاصلي أو فتح صيدلية أخرى وفقاً للشروط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ بڕگە پێنجدا نین، ئەو مەسافەیە دەبێ هەڵگیرێ، چونکە لە هیچ شوێنێکی دنیا نییە مەسافە هەبێ لە نێوان ئەو صەیدەلیە و ئەم صەیدەلیە، لە نێوان ئەو دکتۆر و ئەم دکتۆردا، لە نێوان ئەم بەقال و ئەو بەقالە، ئینجا ئەمە شتێکی زیادە، بۆیە پێشنیار دەکەین هەر نەمێنێ، و لەهەمان کاتدا لە بڕگە حەوتیشدا هاتووە، ئێمە لەگەڵ ئەو مەسافەیە نین، ئەو شروتانە ئێمە لەگەڵیدا نین، وەکو لیژنەی تەندروستی ئێمە تەئییدی ناکەین، ئەوانە هەڵگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و لێرەدا دەمەوێ روونکردنەوەیەك بدەم، ئێمە لەگەڵ نەقابەی صەیادلە دانیشتین و لە بۆ ئێمەیان روونکردەوە کە ئەو تەعدیلە لەسەر ئەساسی ئەوەی هاتووە کە لە کۆنگرەی خۆیاندا بڕیاریان لەسەرداوە، دوای بڕیاردان پێشکەشیان کردووە بە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی تەندروستیش موافەقەتی کردووە و، پاشان هاتۆتە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش موافەقەتی کردووەو، ئێستاش هاتۆتە پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵ دەقی نەصەکەین و حەقیشە ئێمە ئیحتیرام لە ئیرادە و تەعبیری ئەو برادەرانە بگرین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەکەین و تەنها لابردنی بڕگە (٥) ئەوەی مەسافە نێوان صەیدەلەکان ئێمە لەگەڵی نین، لەبەر چی؟ چونکە سیاسەتی ئابووری ئازاد، (سياسة اقتصاد الحر و المنافسة الحرة و مزاولة المهنة) بۆ خزمەتی هاوولاتی هەموویان ئەو مەرجە دەبێ نەبێ، هەروەها هەمان بۆچوون لیژنەی موختەص و لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمان هەمان بۆچوونی هەیە کە ئەو مەسافەیە نەبێت تاکو بازاڕیش ئازاد بێت، هەروەها مەصلەحەتی هاوولاتی ئەوەیە کە صەیدەڵیات حور بێت لە هەرچ جێگایەك بێت و بەتایبەتی مەجامیعی ئەتیبائی نزیکی یەکن و دەبێ صەیدەلیش نزیکی دکتۆرەکان بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە حەقیقەتی مەوزوعی ئەو (٣٠) مەترە هاتبێ، هەدەف لەوە بێت تۆزێك صەیدەلیەکان بلاوببنەوە لەناو خەڵك و بچنە محلە و کۆلانەکان، سوودی لێ وەربگیرێ هەموویان لە شوێنێك کۆنەبنەوە، بەلام من یەك خاڵم هەیە حەز دەکەم برادەران وەلامم نەدەنەوە نەڵێن قانونەکە تەنفیز دەبێ لە تاریخەکەی، ئەو نەصەی دابنێین بڵێن ئەوە شمولی ئەو صەیدەلیانە ناکات، بۆ ئەوانەی کە مەوجودن حالیەن، چونکە لەوانەیە ئیشکالێك لە بۆ ئەوانە دروست بکات، کە یەکێك بڵێ من کۆنم تۆ تازەی و بچێتە مەحاکم و لەوانەیە برادەران وەلامم بدەنەوە و بڵێن قانونەکە تەنفیز دەکرێ (اعتبارا من تاريخ التنفيذ)، بەلام من مولاحەزە دەکەم کە ئیشکالێك بووە و، دەشبێ لە مەحاکم ئەوە بووە، لەبەر ئەوە بڵێن (لايسري احكام الفقرة الخامسة من هذه المادة على الصيدليات الموجودة حاليا) یان هەر لەگەڵ فەقەرەکەی ئەوەی (٣٠) مەترەکە دانراوە بڵێن (لا تسري على الصيدليات الموجودة حاليا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو بارەیەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی قسەمان کرد، من و بەڕێز د.نیاز چاومان پێکەوت وتی حەق نییە ئەو مەسافە هەر هەبێ، مادام وایە ئەبێ هی دکتۆرەکانیش وابێ، بۆ نموونە بڵێین دکتۆری باتنی لەم لا دە هەیە و لەو لا دە هەیە لە پشتی پێنج هەیە، مانای وابێ ئەبێ ئێمە ئەوانەش جیا بکەینەوە، وتی ئەمە شتێکی زیادەیە، هەروەها بۆ فەقەرەکەی تریش بۆ ئەو شروتەی کە داینەوە وتی ئەوەش هەر زیادەیە، ئێمە لەگەڵ وەزیری تەندروستی قسەمان کرد لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم هەتا ئێستا نەم بیستووە بازاڕی ئازاد لەسەر دەرمان تەتبیق بکرێت، لەسەر هەموو شتێك ئەگەر تەتبیق کرابێ بازاڕی ئازاد لەسەر دەرمان تەتبیق ناکرێ، دەرمان لە وەزعێکی تەبیعی بە قیود دەدرێ بە صەیدەلیەکان و صەیدەلی بە قیود دەیفرۆشی، ئێمە دەبێ نەزرەی موستەقبەلیمان هەبێ لە بۆ دەرمان، ئەوە یەك، دوو ئەوەی کاکەرەش ئیحتیمال هەیە وجهەی نەزەری تێدا هەبێ و تەحصیل حاصلیشە، ئەگەر بشبێ مانعمان نییە، لە ئەحکامی خیتامی دەتوانین ماددەیەك دابنێین بەو جۆرە و فیعلەنیش صەیدەلیاتی پێشوو لەسەری تەتبیق نابێ، چونکە ئەو قانونە (اعتبارا من تاريخ نفاذه نافذ المفعول)ە، بەنیسبەت جەنابی وەزیری تەندروستی خۆی مەشروعەکە لە پێش خۆی تێپەڕیوە و تەصدیقی کردووە، هاتۆتە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێش مصادەقەی لەسەر کردووە، نازانم ئێستا رای گۆڕاوە، دەبوایە لێرە ئامادە بێ و رای خۆی بدات، خاڵی سێیەمیش بەڕاستی هیچ نەقابەیەك ماڤی ئەوەی نییە لە پەرلەمان حازر بێ و دفاع لەخۆی بکات، چونکە چ ئەندامی پەرلەمان نییە و چ صیفەتێکی نییە و قانونیش رێگای ناداتێ، ئێمە کە دیفاعی لێ دەکەین بەڕاستی لەبەر ئەوەی دیفاعی لێدەکەین چونکە لێرە نییە و ئەگەر لێرە بوایە بە خۆی دیفاعی لە خۆی دەکرد، بۆیە بەڕاستی ئێمە لەگەڵ (٣٠)مەترەکەین و ئەوە خواستی خۆیانە و حەق وایە ئێمەش تەئییدی بکەین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا زۆر لەسەر ئەو مەوزووعە ناڕۆین، لەسەر ئەو بڕگەیە کە ئەڵێ (٣٠) مەتر دوور بن لەیەکتریەوە، لەسەر ئەوە بەتەنیا دەنگ دەدەین، ئەگەر رەت کرایەوە ئەوە باشە، رەتیش نەکرایەوە قسە لەمەسەلەکانی تر دەکەین، ئێستا لەسەر ئەو بڕگەیە بڕگە پێنج (٥- أن تبعد عن اقرب صيدلية مسافة لاتقل عن(٣٠) ثلاثين متراً من جميع الجهات.) کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لابرێت دەست بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لا نەبرێت؟ سی وشەش بە بیست و حەوت، کەواتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەگشتی هەموو ماددەکە کێ لەگەڵە ؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز سید حسن عبدالكریم بەرزنجی:**

**المادة السابعة:**

تعدل الفقرة أ- ٢ من المادة العشرين من القانون و تقرأ كالاتي:

٢- تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەوزووعەكە عیلاقەی بە صیاغە هەیە، لە ئەصڵی قانونەكە بەو شێوەیە هاتووە (تقديم المقترحات بشأن قانون تعديل قانون النقابة ) تەنها قانونەكەمان لادایە ئێمە دەڵێین (تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة )، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنە دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ تەعدیلەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، كێ هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ نییە، كێ لەگەڵە دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی وەرگیرا، فەرموو مادده هەشت.

**بەڕێز سید حسن عبدالكریم بەرزنجی:**

**المادة الثامنة:**

تلغى المادة الثانية و العشرون من القانون و يحل محلها مايأتي:

المادة الثانية و العشرون:

١- تؤلف لجنة الانضباط من رئيس و عضوين و عضو احتياط بشرط أن لاتقل مدة خدمة اي منهم عن(٧) سبع سنوات في مجال مهنته.

٢- تختص اللجنة بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون و تقوم بالتحقيق في القضايا و الشكاوى التي يحيلها المجلس عليها.

٣- تتبع لجنة الانضباط القواعد الواردة في قانون انظباط موظفي الدولة و لها بعد توجيه التنبيه صلاحية فرض العقوبات التالية:

أ- الفات النظر

ب- الانذار

ج- غلق الصيدلية أو المذخر لمدة لاتقل عن(٣) ثلاثة أيام و لاتزيد على (٧) سبعة أيام وفي حالة تكرار المخالفة تغلق الصيدلية أو المذخر لمدة(١٥) خمسة عشر يوماً مع حجب الحصة المقررة من الادوية لمدة شهر واحد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین، ئەو گۆڕانكارییەی كە كراوە تەنها تەحدیدی خدمەتی عەزووی لیژنەی ئینزیبات كراوە بە حەوت ساڵ و عقوبەی تەنبیهیش ئیزافە كراوە و صیاغەی ماددەكە سەر لە نوێ كراوەتەوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە چەند غەلق دەكرێ و حەجمی دەرمانیش بە هەمان ماوە بێت، تاكو تووشی مەشاكیلی سوقی سەودائی نەبێت، هەر پێش ئێستاش بەڕێز كاك شێروان حیدری فەرمووی ئێمە لەگەڵ ئازادی دەرمان نینە و پانزە ڕۆژ ئەگیرێت، بەلاّم حەجمی حصە بۆ مانگێك، چەند غەلق ئەكرێت و حەجمی دەرمانیش با ئەوەندە بێت تاكو تووشی مەشاكیلی سوقی سەودائو ئەوانە نەبێت، پانزە ڕۆژ ئەویش پانزە ڕۆژ بێت، لەجێگای تریش ببێتە پانزە ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، كێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە؟ فەرموو كاك احمد.

**بەڕێز احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(تؤلف لجنة الانضباط من) لە كێ؟ دەبی بنووسین (من قبل وزارە الصحە) ئینجا من فلان و فلان، واتە(تؤلف لجنة الانضباط من قبل وزارة الصحة من رئیسین و عضوین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كێی تر قسەی هەیە با بفەرمێ؟ فەرموو كاكەرەش.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئیزیبات حەقە ئەو عقوباتانە دەدات قەیناكە، بەڵام حەقە مەجالێكی بدەنە كابرا، ئەو كابرایە حەقێكی هەبێ لە جێگایەك ئیعتیراز لەسەر قەرارەكە بگرێ و بەڵكو قەرارەكەیان تەواو نییە قەراری لیژنەی ئینزیبات، لەبەر ئەوە با مەجالێكی بدەینێ برادەران صیاغەی بكەن و بڵێین و (له حق الاعتراض لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال) سێ رۆژ بێ یان دە رۆژ، بۆ ئەوەی بتوانێ كابرا بە ئیعتیباری مەحكەمە ویلایەتێكی كاملی هەیە بۆ دیفاع كردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاكەرەش، ئێستا لیژنەكە دەڵێ چی؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك احمد فەرمووی دەڵێ لیژنەی ئینزیبات لە وەزارەت بێ، ئەوە قانون قانونی نەقابەی صەیادیلەیە، لیژنەیەكی ئینزیباتی تایبەتی هەیە لە بۆ ئەوەی موعاقەبەی ئەعزای خۆی بكات ئەگەر هاتوو موخالەفەیەكی كرد، ئەوەی كاكەرەش دەڵێ لە جێگای خۆیەتی، بەڵام لە ئەصڵی قانونەكەدا هاتووە كە ئیعتیرازی لیژنەی ئینزیباتی لە لایەن مەحكەمەی تەمیزی ئەقلیم دەبێ لە ماوەی پانزە رۆژ لە تاریخی تەنفیزیەوە مادده بیست و سێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، كەس هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ، كێ لەگەڵدایە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی وەرگیرا، فەرموو ماددەی نۆیەم.

**بەڕێز سید حسن عبدالكریم بەرزنجی:**

**المادة التاسعة:**

تعدل المادة الثامنة و العشرون من القانون و تقرأ كالاتي:

يجوز للصيدلاني بعد استحصال الاجازة من الوزارة و موافقة النقابة أن يفتح مختبراً للتحليلات المرضية بدلاً من فتح صيدلية أو مذخر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادده نۆ هەڵبگیرێت كە دەڵێت (ان يفتح مختبرا للتحليلات المرضية بدلا من) چونكە لە پسپۆڕی كۆلیژی علومە، عاید بەوانەوەیە، چونكە ئەو صەیدەلیە و ئەو موختەبەرە و ئەوە عاید علومە و هەردووكیان كولیەیەكی جیاوازن، بەڵام ئەگەر هاتو لە حاڵەتێكدا ئەگەر موافەقەتیش كرا، بۆی هەیە یان

ئـەبێ صـەیدەلیە بکاتـەوە وەیـان ئـەبێ موختـەبەر بکاتـەوە، ئەگـەر موختـەبەری کـردەوە نـابێ صـەیدەلیە بکاتەوە، هەر دەبێ وابێ، چونکە ئیستیغلال دەبێ، ومن لێیانم بینیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و ئەو حەقە دراوە بە صەیدەلی و ئەوەی لەو ماددەیە دەستکاری کراوە تەنها پێشـتر موافەقـەتی نەقابـەی دەویسـت، ئێسـتا موافەقـەتی نەقابـە و وەزارەتـی دەوێ و لەجـێگای خۆیـەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو تەعدیلەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کـەس هەیـە لـەو بارەیـەوە قسـەی هـەبێ؟ باشـە ئەگـەر کـەس نیـیە دەیخەیـنە دەنگدانـەوە، کێ لەگەڵدایـە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو ماددەی دە.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

المادة العاشرة:

للوزیر اصدار التعلیمات لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم بارەیەوە کاك فرسەت قسەیەکی هەیە با بفەرمێ.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیحتیمال هەیـە لیژنـەی قانونی بڵێت ئەو نەصە لە زۆر نەقاباتدا هاتووە، راستە، بەڵام من یەك شت ئەڵێم نقابات یـەك لـە حەلـەقاتی موجتـەمەعی مەدەنییە عـیلاقەی لەگەڵ حکومـەت نییە، بۆ وەزیر تـەعلیمات دەربکات؟ مەفروزە مەجلیسی نەقابە تەعلیمات دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ؟ کاك شێروان لەو بارەیەوە چی دەفەرموون؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ رایەکەی کاك فرسەتین و پێویست ناکات وەزیر تەعلیماتـێك دەربـێنێ و لـە بـۆ نەقابەیـەك ولەوانەیـە ئـێمە لـێمان تێـپەڕی بێ بەراستی ئەو نەصە، ئێمەش لەگەڵ نەصەکە نین کە لەناو ئەو تەعدیلە هاتووە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا داڕشتنەکەی چۆن دەبێ؟ فەرموو.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

داڕشتنەکە بەو شێوەیە دەبێ، (لمجلس النقابة اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وابزانم برادەرانی لیژنەی یاسایی موافق بوون بەوەی کەوا ئێمە ماددەیەك ئیزافە بکەین پێش ئەوانە (لاتسري احكام الفقرة الخامسة من المادة الحادية عشرة على الصيدليات الموجودة حاليا) پێشی داخلی ئەو تەفاصیلاتە ببین، مەفروزە یان بچێتە پاشی دە لە بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالەمان بۆ دروست نەکات، چونکە ئیشکال دروست دەبێ، وابزانم پێشیان مەعقول بوو کە بگۆترێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**باشە ئەو ماددەیەی کە دەبێتە ماددەی دەیەم پێشکەشی بکەن، بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەن، باشە ئێستا بۆ ماددەی دەیەم بەو گۆڕانکاریەوە کە خرایە سەری دەنگ ئەدەین، ئینجا دێینەوە سەر پێشنیازەکەی کاکەڕەش لە ماددەیەکی تردا کە پەیوەندی زیاتر هەیە بەو بڕیارەوە، ماددەی دەیەم بە تەعدیلەوە بیخوێنەوە.**

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة العاشرة:**

لمجلس النقابة اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کێ لەگەڵدایە با دەست بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی وەرگیرا، زۆر سوپاس. فەرموو بۆ ماددەی یازدەهەم.**

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**ئەو ماددەیەی کە پێشنیار کراوە بکرێتە ماددەی یازدەهەم:**

**المادة الحادية عشرة:**

لايسري احكام الفقرة الخامسة الواردة من المادة السادسة على الصيدليات القائمة حالياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس، صیاغەیەکی تر هەیە لەلایەن کاك فرسەتەوە، وابزانم ئەوە دەقیقترە، فەرموو وەکو پێشنیاز پێشکەشی بکەن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە یازدە بەو شێوەیە دەبێ (لاتسري احكام الفقرة الخامسة من المادة السادسة على الصيدليات القائمة بتاريخ نفاذ هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کێ لەو بارەیەوە قسەی هەیە؟ فەرموو لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین کە ئێستا هاتووە کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی تر لەو بارەیەوە قسەی هەیە؟ فەرموو کاك جلال خۆشناو.

**بەڕێز جلال خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببێتە (قبل اصدار هذا القانون) لەجیاتی (نفاذ هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك نەجات.

**بەڕێز نجات یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر سی مەترەکە رەچاو بکەین و ئەگەر مەسافەی شەقامی پزیشکان وەربگرین، باشە خەڵکی تر دەیەوێ صەیدەلیە بکاتەوە جێ نییە لە کوێ پەیدا دەبێ؟ ئینجا شتێك ئیزافە بکرێ بەرای من لەگەڵ شەقامی پزیشکان تەنسیق بکرێت و تەوزیع جوغرافی بێت، هەولێر رۆژ بەرۆژ تەوسوع دەکات، ئەو خەڵکەی کە بە ئێواران دەچێتە شەقامی پزیشکان جانبی بیئە تەواو نییە، جانبی ئەشعە لەوانەیە بە سەدان کەس تەئسیر دەکا و خەڵك ئاگای لێ نییە، ئینجا لەبەر هەندێ دەبێ لەو فەقەرەیە بە قەناعەتی من جەنابتان بزانن چۆن رێکی دەخەن و یانی تەوزیعی جوغرافیەکە لەبۆ شارەکانی تریش رەچاو بکرێت، شارەوانی جێ تەخصیص بکات لە بۆ صەیدەلیەکانیش و لە بۆ دکتۆرەکانیش، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە ناتوانێ یانی شەش سەد و حەفت سەد کەس لە شەقامی پزیشکان جێگای دەبێ، تەبعەن جێی نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك نەجات، کێی تر هەیە لەو بارەیەوە قسە بکات، فەرموو کاك احمد شریف.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو فەقەرەیە زیادە، هیچ مەشاکلیش دروست نابێ، تەنیا یەك دوو صەیدەلیە نەبێ کە کاتی خۆی تەجاوزی ئەو یاسایەیان کردووە کە لە هەموو عێراق و لە هەموو عالەمیش پێڕەو کراوە، ئێوە هەمووتان دونیاتان دیوە قەت دوو صەیدەلیە لە تەنیشت یەکتری نییە، لە عێراقیش پەنجا مەتر مەسافە هەبوو بەم دواییە تەعدیلیان کرد و برادەرانی لیژنەی یاسایی ئاگادارن، بۆیە من پێم وایە ئەو فەقەرەیەی کە دەتانەوێ ئیزافەی بکەن زیادە و ئەو صەیدەلیانەی کە موخالیفی ئەو قانونەن کە کاتی خۆی صەیدەلییەیان کردۆتەوە لە تەنیشت صەیدەلیەکی تر، پێم وابێ داوایان لێ بکرێ بۆ ماوەی شەش مانگ سالێك بگوازنەوە و مەسافەکە ببێتە سی مەتر، پێم وابێ ئەو فەقەرەیە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئەو فەقەرەیەی کە کاك احمد فەرمووی، ئەگەر ئێمە ئەوە بکەین مانای وایە ئەو قانونە ئەسەری رەجعی دەبێ، کە ئەسەری رەجیعیشمان دایێ مانای وایە ئێمە مەشاکیل بۆ خەڵك دروست دەکەین، بە هەزاران صەیدەلیە بە کرێ چووە و بە هەزاران صەیدەلیە کراوەتەوە، ئێمە وەزعی ئەوانە تێك بدەین جائیز نییە بە حەقیقەت، ئەو نەصەش کە کاکەرەش پێشنیاری کرد هەروەکو پێشتریش ئیشارەتی پێدا ئەگەر بگۆترێ و ئەگەر نەگۆترێ عەینی شتە، بەڵام وجودی باشترە لە ناو قانونەکە، چونکە مەشاکیل دروست ناکات، ئەوە یەك، دوو بەنسبەت ئەوەی کاك نەجات گوتی خۆی کە پەنجا مەترەکە هەستا یانی تەوزیعی جوغرافی هەستا بە گوێرەی ئەو برادەرانەی کە لە صەیدەلیەن و دەستەی سەرۆکایەتی ئەو نەقابەیەن، ئەوان دەڵێن ئەو سی مەترەی کە ئێمە دەینینەوە مانای وایە تەوزیع جوغرافی دووبارە دەکەینەوە، ئەمڕۆ سی مەترە سبەینێ داوای پەنجا مەتر دەکەین، بەڕاستی ئەوە وەجهە نەزەری ئەوان بوو، لەبەر ئەوە لێرە مەسەلەی تەوزیع کردنەکەی جوغرافیەکە لە سی مەترەکە دەبێ دەست پێ بکرێ، ئەگەر ئێمە دەمانەوێ سی مەتر تەتبیق بکەین، ئەوە یەك، دوو، بە نسبەت صەیدەلیە، من لێرەوە دەڵێم تەوزیع جوغرافی لەسەر صەیدەلی تەتبیق بکرێ، بۆ لەسەر دکتۆر تەتبیق نەکرێ، مەفروزە لەسەر دکتۆریش تەوزیعی جوغرافی تەتبیق بکرێ، چونکە صەیدەلیە و دکتۆر یەك لازم و مەلزومی یەکترینە و لە چ مەنتیقەیەك بن مەفروزە هەردووکیان لەو مەنتیقەیە بن، ئەگەر تەوزیعی جوغرافیش لەسەر صەیدەلیە تەتبیق بکرێ مەفروز وایە لەسەر دکتۆریش تەتبیق بکرێ و ئومێدەوارین کە تەوزیعی جوغرافی بۆ دکتۆرەکانیش بکرێ و یەك لە ئەسبابی موجەبەی تەعدیلی ئەو جارەی قانونی صەیادیلە ئەوەیە ئەو زەحمەی کە لە جادەکان خڕ بۆتەوە بە تایبەتی لە شەقامی پزیشکان لە هەولێر ئەوە وەکو میسال دەیهێنم، لە بۆ ئەوەی ئەو زەحمە وردە وردە نەمێنێ، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێ، ئەگەر کەس نییە من تێبینیەکم هەیە بۆ کاك شێروان، مەسەلەی پزیشکەکان جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی صەیدەلیەکان، لە وڵاتانی ئەوروپا لە دەرەوە لە بینایەکە بەدەیان پزیشك هەیە، چونکە هەر یەکەو ئیختیصاصی خۆی هەیە، ئینجا ئەوە بەریز دێنە خوارەوە، بەلاّم بۆ صەیدەلیە صەیدەلیەش بە زۆری لەو شوێنانەی کە ئەو کۆمەڵە پزیشکەی لێیە و لە نزیکەوە صەیدەلیەش هەیە، ئینجا من وابزانم تەبیعەتی صەیدەلیە جیاوازە لەگەڵ تەبیعەتی پزیشکەکاندا، باشە ئەگەر کەسی تر قسەی نییە ئێستا وەکو پێشکەش کرا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الثانية عشرة:**

لايعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە قسەی هەبێ، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز سیدحسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الثالثة عشرة:**

على مجلس الوزارء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە قسەی هەبێ، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**المادة الرابعة عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە قسەی هەبێ، فەرموو کاك جلال خۆشناو.

**بەڕێز جلال خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کە ئیستیغلال نەکرێ و ئێستا لەوانەیە زۆر صەیدەلیەی تر بکرێتەوە، تاکو قەرارەکە لەوانەیە دوو مانگ، سێ مانگی تر لە جەریدەی وەقائیعی کوردستان نەشر دەبێ، بگۆترێ (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره و ينشر في جريدة وقائع كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر صەدەلانی ئەوەندە ئازا بوون لە ماوەی یەك دوو حەفتە صەیدەلیە بکەنەوە، با بیکەنەوە، قەیناکە ئەو وەختە ئەتوانرێ ئیجازەشی پێ نەدرێ، شتەکەی دوا بخەن تاکو ئەوە دەردەچێ، ئەوە هەمووی لە ماوەی دوو سێ حەفتە بلاّودەکرێتەوە، ئێستا لیژنەی قانونی دەڵێ چی؟.

**بەڕێز سید حسن عبدالكریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقەكەین كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە هەروەكو خۆی هاتووە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، باشە ئێمە ئێستا تاكو سەعات دوازدە پشوویەك دەدەین، بەڵام تكایە سەعات دوازدە لێرە ئامادە بن، ئێستا با هەموو قانونەكە بخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

## پاش پشوودان

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەست دەكەینەوە بە كۆبوونەوەكەمان، ببورن میوانمان هاتبوو بۆیە دواكەوتین، چونكە میوانەكان وا نەبوون بە ئاسانیی جێیان بێڵین، ئێستا با لیژنەكانی تەندروستی و یاسایی و دارایی بفەرموونە سەر سەكۆكە، بەخێر بێن فەرموون دەست پێ بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست پێ بكەین حەز دەكەم ئەم روونكردنەوەیە بدەم، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی نەقیبی سەندیكای پزشكی هەردوو ئیدارەمان بانگكرد و بە حزوری ئەوان موناقەشەمان لەسەر یاساكە كردووە و، ئێمە بە تەنسیق كردن لەگەڵ ئەوان مەشروعەكەمان گەلاڵە كردووە و، ئەوەی ئێستا ئەیخەینە پێش دەستتان رای لیژنەی یاسایی و نیقابەی هەردوو ئیدارەیە و، ئێستاش ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەیت دیباجەكە لەگەڵ یاساكە دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار :**

**تاريخ القرار:**

استناداً لأ حكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما